# ئایا گەلی کوردتاوانبارە ، یان دکتۆر کەمال مەزهەر؟!!

## بەشی یەکەم

### ئەردەڵان عەبدوڵڵا

بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر بە یەکێک لە مێژوونوسە ناسراوەکانی گەلەکەمان دەژمێرێت . بەش بە حاڵی خۆم بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەم بەڕێزەم خوێندۆتەوە .دیارە دکتۆر کەمال بەشێکی زۆری کارەکانی ، پەیوەندی بە مێژووی گەلی کوردو عێراقەوە هەیە . لێ من هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی رەخنەگرانە چەند بۆچوونێکی دکتۆرکەمال شرۆڤە بکەم و ، سەرنجی تایبەتی خۆم دەربارەی چەند بووچونێکی ئەم بەڕێزە دەرببڕم .

یەکێک لەو کارانەی کە هەوڵ دەدەم باسی بکەم ، کتێبی ( ڕۆڵی گەلی کورد لە کوشتوبڕی ئەرمەنیەکان)ە . دیارە مەسەلەی کشتوبڕی ئەرمەنیەکان ، گەورەترین کارەساتی جەرگ بڕی سەدەی پێشوو بووە. ئەم تاوانە گەورەیە کەلەلایەن تورکەکانەوە ئەنجامدرا، بە یەکێک لەشەرمەزاریە گەورەکانی سەدەی پێشوو دەژمێرێت. لەهەمان کاتیشدا ، یەکێکە لە مەسەلە گرنگ و پڕ بایەخەکانی ئەمڕۆی جیهان . هەتاوەکوو ئەمڕۆش ئەرمەنیەکان هەوڵێکی گەورەو بەردەوام دەدەن بۆ ئەوەی،( تورکیا) دان بەم تاوانە گەورەدا بنێت .لەهەموو لایەکی جیهانەوە ، ئەرمەنیەکان گەورەترین کەمپینیان بۆ ئەم مەسەلەگرنگە دروست کردووە . لێ بەداخەوە هەتاوەکوو ئەمرۆش ، تورکیا ئامادەنییە دان بەم تاوانەدا بنێت . سەیر لەوەیە ، ئەرمەنیەکان خۆیان هیچ کات داوایان لەکورد نەکردووە کەدان بەم تاوانەدا بنێت ، یان هیچ کات کوردیان بەم تاوانە مەزنە تاوانبار نەکردووە . بەڵکە ئەوان هەموو کات تورکیا بەو کارە تاوانبار دەکەن . لێرەدا پرسیارێک ڕووبەرومان دەبێتەوە ، ئەویش ئەوەیە : ئایا ئەرمەنیەکان بۆچی کوردیان تاوانبار نەکردووە ، کەچی مێژوونوسێکی کورد بەگۆترە!ئەم تاوانە گەورەیە دەنێتە بینی گەلەکەی؟! .یان تۆبڵێیت ئەرمەنیەکان گێل بن یان نەزانن، کە کورد کشتوبڕی کردوون نەک تورک.تۆبڵێیت گەلێک هێندە گێل بێت ،کەتاوانبارەکانی خۆی نەناسێتەوە؟! . من پێم باشە پێش ئەوەی باسی کشتوبڕی ئەرمەنیەکان بکەین ، باسی چەند گەلێکی تربکەم کەتووشی جینۆساید بوون . یەکێک لەوگەلانەش ، جوولەکەکانی ئەوروپا بوون ، کە لەلایەن نازی ئەڵمانیەوە، بە دڕندەترین شێوە جینۆسایدکران . دیارە پێش ئەوەی ئەم جینۆسایدە ڕووبدات ، جوولەکەکانی ئەوروپا ، چەندین ساڵ پێش هاتنی نازیەتی ئەڵمانیش ، لەچەندین شوێنی تری ئەوروپاش، تووشی ڕاونان و کوشتن هاتوون ، بەتایبەت لەڕووسیا و ئەوروپای رۆژهەڵات . لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە ، لەلایەن کەنسیەی ئەوروپاوە ،بەناشرینترین شێوە دژایەتی دەکران . دیاردەی ( Antisemitsimus، ئەنتی سێمیتیز) واتە دژایەتی رەگەزی سامی یان دژایەتی جوولەکە ،لە سەدەی هەژدەوە دەستی پێکردووەو لەسەدەی 19 یشدا بەتەواوی هەموو ئەوروپای گرتەوە 1. جوولەکەکان لەهەموو لایەکەوە دژایەتی دەکران . زۆربەی نووسەرو رووناکبیر و هونەرمەندی ئەوروپا دژی جوولەکە بوون . دژایەتی جوولەکە، بووبوە بەشێک لەکولتووری ئەوروپا .

(Houson Stewart Chamberlain (1855-1927 بەباوکی ئەنتی سێمیتیز دادەنرێت و چەندین نووسراوی دژی جوولەکە نوسیوە . جوولەکەی بە ترس بۆ سەر گەلانی ئەوروپا دادەناو داوای پاکتاوکردنی دەکردن . پاش ئەویش چەندین نووسەری تر ، باسی کەمی وخراپی و ترسی جوولەکەیان دەکرد لەوانە :

. (2 Hermann Wagener 1815-1889 , Eugen Dühing 1833-1921. Theodor Fritsch)

جگەلەمانەش چەند ئەدیبێکیش دژایەتی جوولەکەیان کردووە ، لەپێش هەمووشیانەوە ( شکسپیر و دیستۆفسکی ). لەساڵی 1917 رۆمان نووس (Artur Dinter (1876-1949 رۆمانێکی بەناوی (

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

( Die Sünde wider das Blut ئەم ڕۆمانە تا ساڵی 1922 زیاتر لە 200 هەزار دانەی لێ بڵاودەکرێتەوە3 . جگە لەمانەش مۆسیقاژەن و کۆمپۆنیستی گەورەی ئەڵمانی ریتشاد ڤاگنەر Richard Wagner (1813-1883) لەساڵی Bayreuther Blättern 1878 بڵاودەکاتەوە ، کە کۆمەڵێک قەوانی مۆسیقی مەزنن ، تێیدا دژایەتی جوولەکە دەکات ، هیوای مەرگی کۆتایی جوولەکە دەخوازێت . تەنانەت (کارل مارکس) یش دژایەتی جوولەکەی کردووە ، مارکس دەڵێت : ( پارە بەشێکی نەبڕاوی کولتووری جوولەکەیە ) .

بەکورتی دەتوانین بڵێین پێش کشتوبڕەکەی جوولەکەکان ، چەندین ساڵ بوو ، ژێرخانێکی فکری گەورە ئامادەکرا بوو بۆ ئەم کارەساتە گەورەیە . لێرەدا دەگەرێمەوە سەر بابەتە سەرەکیەکەمان، بەپرسیارێک دەست پێدەکەمەوە : ئایا هیچ کاتێک لەکۆمەڵگای کوردیدا ژێرخانێکی فکری بۆ کشتوبڕی ئەرمەنیەکان لەئارادابووە؟! ئایا شاعیرێک یان نووسەرێک یان گۆرانی بێژێکی کورد ، داوای کشتوبڕی گەلی ئەرمەنی کردووە ؟! بە دڵنیایەوە نەخێر . پەیوەندی گەلی کورد وئەرمەنی بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ دەگەرێتەوە . هەردوو گەل پێکەوە ژیانێکی باشیان هەبووە ، هیچ کات کارەسات و کشتوبڕی یەکتریان نەکردووە . لێرەدا دیسان دەپرسمەوە ، ئایا بۆچی ئەو ماوە دوورودرێژەی کەهەردووگەل پێکەوە ژیاون هیچ کێشەیەکیان نەبووە؟! مێژوو پێمان دەڵێت کە تەنها ئەو کاتە کێشەیان هەبووە ،کە تورکەکان هاتوونەتە ناوچەکەوە. لێرەدا حەزدەکەم نموونەیەک بۆ دکتۆر کەمال بهێنمەوە. ئێمە لە هۆرامان ماوەی هەزار ساڵە لەگەڵ برا هاواری و کاکەیەکان پێکەوە ژیاوین ، تەنانەت کاتێک کە هۆرامان دەبێتە سەنتەری بڵاوبوونەوەی مەزهەبی نەخشەبەندیش ، کە لە ( ئەندەنووسیاوە تا مەغریب ) دەرویێشیان هەبووە. شێخەکانی هۆرامان، هیچ کات ئازار و ئەشکەنجەی هاواری وکاکەیەکانیان نەداوە ، بەڵکە هەمووکات بەچاوی ڕێزەوە سەیری یەکتریان کردووە. هەرچەندە کاکەیەکان ئەهلی کیتابیش نەبوون . لێ لە ناوەراستی نەوەتەکانەوە ئیسلامیە وەحشیەکان ، ناوچەکە داگیر دەکەن . هەر یەکسەر دەکەونە پەلاماردان و ئازاردانی هاواری وکاکەیەکانی ناوچەکە . پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ، ئایا دەبێت ئەمڕۆ مێژوونوسێک ، گەلی کورد بە چەوسانەوەی کاکەیەکان تاوانباربکات؟! بە دڵنیایەوە نەخێر،چونکە خەڵکی ناوچەکەش خۆشیان ئازار دراون ، تەنانەت مەزارگەی پیرۆزی شێخەکانیشیان وێران کرد . ئەو کاتەش کە کشتوبڕی ئەرمەنیەکان کراوە ، گەلی کورد بێ دەسەڵات بووەو ، تاکە دەسەڵاتداری سیاسی ، توورکەکان بوون ، واتە ئەوان بڕیاری کشتوبڕیان داوە نەک گەلی کورد . تەنها( سوارەی حەمیدی ) و چەند مەلایەکی گێل بەشداری ئەم کشتوبرەیان کردووە . ئەمەش مانای ئەوە نییە کەجەنابت هەموومانی پێ تاوانبار بکەیت ، چونکە ( سوارەی حەمیدی) ئەسڵەن بۆ دژایەتی شۆرشەکانی کورد دامەزراوەو لە چەندین شوێن پەلاماری ئیمارەتە کوردیە ڕاپەڕیوەکانی داوە . لەلایەکی ترەوە ، مەلاکان هەموو کات لەگەڵ خەلافەتی عوسمانی بوون ، زۆرجار دژایەتی گەلی کوردیشیان کردووە ، زەق ترین نموونەش ( مەلای کۆرە) یە . ئایا دەبێت جەنابت فتوای چەند مەلایەک بکەیتە پێوانە بۆ ئەوەی گەلی کوردی پێ تاوانبار بکەیت ؟! . ئەڵمانیەکان کەئەو هەموو کشتوبرەی جوولەکەو ئەوروپایان کردووەوە ، کەچی هیچ کات ئامادەنین کەسێک هەموو گەلی ئەڵمان تاوانبار بکات ، بەڵکە هەموو کات دەبێت تەنها ( نازی) تاوانبار بکەیت . هەموو کات کەباسی تاوانەکانی جەنگی دووەم دەکرێت ، دەبێت بڵێیت تاوانەکانی ( نازیەتی ئەڵمانی) . کەچی دکتۆر کەمالیش دەنووسێت: (گەلی کورد!!) ڕۆلی لە کشتوبڕی ئەرمەنیدا هەبووە!! . ئەمە خۆی لەخۆیدا تاوانێکی گەورەیە ، چونکە کە تۆ دەڵێیت کورد واتە (کوردی باکوور وباشوور وڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو رووسیا وئەوروپا،،، هەموو کوردێک) تاوانبار دەکەیت . ئەمەش تاوانێکی گەورەیە ، چونکە هەموو گەلی کورد بەشداری ئەم تاوانەیان نەکردووە . ئەو کاتەی کە کشتووبڕەکە بووە ، لە ناوچەیەکی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئێجگار بچووکی کوردستان دا روویداوە ، ناوچەکانی تر هەر ئاگایان لەم باسە نەبووە . نازانم پێ دەچێت ئەو کاتە لە هۆرامان هەر خەڵکی ناوی ئەرمەنیشی گوێ لێ نەبووبێت ، یان لە گەرمیان کەس ئەرمەنی نەناسیوە ، یان لە سنە خەڵکی هەر ئاگایان لەو کارەساتەش نەبووە . ئیتر کاکی برا تۆ بۆچی هەموو کوردێک بەناهەق تاوانبار دەکەیت؟! . لەلایەکی ترەوە ، زۆربەی ئەرمەنیەکان دەڵێن کە ( گەلی کورد یارمەتی زۆری داوین بۆ رزگاربوونمان ، بەتایبەت یەزیدیەکان زۆر خەڵکی ئەرمەنیان شاردۆتەوەو بریندارەکانیان تیمارکردووە) . لێ ئەمرۆ توورک دەیەوێت خۆی لەم تاوانە بکشێنێتەوە و ، زۆر لە ئەکادیمیە ئەوروپی وئەمەریکیەکان، کە دۆستی توورکن ، دەیانەوێت ، دەستە خوێناویەکانی توورک بە کورد پاک بکەنەوە . حەزدەکەم نموونەیەکی نزیکترت بۆ بهێنمەوە . کاتێک سەدام کوێتی داگیرکرد ، هەموو گەلی کوێتی دەربەدەروو ماڵوێران کرد . ئەوەبوو هەموو بەرەو عەرەبستانی سعودی رایان کرد . سەدام پاش ئەوەی هەموو خەڵکەکەی دەرکرد ، کەوتە تاڵان کردنی هەموو کوێت . ئەو لەشکرەی کە کوێتی داگیرکرد ، بەشێکی زۆری سەربازەکوردەکان بوون . بەشێکی زۆری سەرۆک جاش و چەند بازرگانێکی چاوچنۆک ، تاڵانی کوێتیان کرد . جگە لەوەش ، حکومەت هەرچی دامودەزگای حکومی هەیە ، پڕیکرد لەکەلووپەلی دزراوی کوێتی ، تەنانەت زانکۆ وکۆلیژەکەی بەرێزیشتان بەشی بەرکەوت ،تەنانەت ( کورسی ومێزو تەختە رەشەکەی ) کۆلیژەکەت ، ماڵی دزراوی کوێتیە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دەکرێت ئەمرۆ کوێتیەکان ( گەلی کورد) ، بە تاوانی داگیرکردنی کوێت تۆمەتباربکەن ؟! یان بە بەتاڵانکردن و دزینی و وێرانکردنی کوێت تۆمەتباربکەن؟! بەدڵنیایەوە نەخێر ، چونکە کەس لەتەواوی عێراقدا نەیوێراوە بڵێت ( نا) . بەڵکە کوێتیەکان لەپاش داگیرکردنی کوێتەوە ، کەمێک سۆزیان بۆ دۆزی کورد چوو، باسی تاوانەکانی ( هەڵبجەو ئەنفایان دەکرد) .ئەو کاتەش هەر وابووە ، گەلی کورد نەیتوانیوە رێگە بە کشتوبڕی ئەرمەنیەکان بگرێت ، هەمووشمان باش شارەزای دڕندەیی چەتە عوسمانیەکانین .

ئەی باشەدکتۆر کەمال ئەمەی بۆ کرد ؟! دیارە دکتۆر کەمال ، وەکوو هەموو نووسەرێک ، حەزدەکات شۆرەتێک و ناوبانگی هەبێت . هەموو کەسێکیش پێی خۆشە کە بەرهەمەکانی وەربگێرێتە سەر زمانی بێگانەو ، بانگهێشتی سیمنارو کۆڕوکۆبوونەوە جیهانیەکان بکرێت . دکتۆر کەمالیش ، تاکە کتێبی کە بۆ زمانە بیانیەکان وەگێراوە ، ئەو کتێبەیەتی کە ( کوردی تێدا تاوانبار کردووە) . ساڵانەش لێرەو لەوێ ، بانگهێشتی چەند کۆبوونەوەیەکی دەکەن ، بۆ ئەوەی گەلی کوردی پێ تاوانبار بکەن . دکتۆر کەمال دەیەوێت ، لەسەر حسابی کورد خۆی مەشهوور بکات و لای چەند دەزگایەکی ئەوروپی و ئەمەریکی کە دوژمنی کوردن ، خۆی خۆشەویست بکات.

جا هەر بۆیە من داوا لە دکتۆر کەمال دەکەن ، کە داوای لێ بووردن بکات و پەشیمان بێتەوە ، چونکە بەڕاستی ئەمەی کەکردوویەتی ، تاوانێکی زۆر گەورەیەو ، زۆر لە کاری ئەکادیمی و نووسینەوە دوورە . بەدڵنیایەوە من هیچ کات خۆم بە تاوانبار دانانێم ، چونکە هیچ کات نە خۆم، نە باوکم، نە باپیرم، وەنە باپیرە گەورەشم ، بەشداری کشتوبڕی ئەرمەنیەکانمان نەکردووە .

سەرچاوەکان .

Was ist Rassismus ? Jihannes Zerger .Lamuv Verlag . Göttingen 1997.S30. 1

2 . هەمان سەرچاوە .ل 40

3. هەمان سەرچاوە . ل 45

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com